سەرکی کەمار جەختیکردەوە لەگرنگی پێوەندییەکانی نێوان عێراق و ئیتالیا

ئەمڕۆ یەکشەممە"لەتیف جەمال ڕەشید" سەرۆک کەمار،جەختی لە گرنگی هاوکاری و هەماهەنگی بۆ بەرزکردنەوەی ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەکەدا کردەوە.

لەبەیاننامەیەکی نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک کەماردا هاتووە : ئەمڕۆ یەکشەممە "لەتیف جەمال ڕەشید " سەرۆک کەمار،پێشوازیکرد لە "ماوریتسیۆ کریکانتی " باڵیۆزی ئیتالیا لە عێراق ، لە میانی دیدارێکدا کە کەشکی سەلام لە بەغداد بەڕێوەچوو، سەرۆک کەمار دوپاتیکردەوە، پێوەندییەکانی نێوان عێراق و ئیتالیا بەهێزن و پێویستە بەردەوام کاربکرێت بۆ پێرەپێدانیان لەو بوارانەی جێی بایەخی هاوبەشن.

بەپێی بەیاننامەکە ، سەرۆک کەمار ئاماژەی بە گرنگی هەماهەنگی و ڕاوێژ کرد بۆ باشترکردنی ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکە و هەوڵدانی زیاتر بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکان و ڕاگرتنی جەنگی دژبە غەزە.

لەلای خۆیەوە باڵیۆز "ماوریتسیۆ کریکانتی " پێرۆشی وڕاتەکەی بۆ بەهێزکردنی پێوەندییەکانی لەگەڵ عێراق دەربڕی، هەروەها پشتیوانی ئیتالیای بۆ سەقامگیری و ئاسایش و سەلامەتی هاووڵاتیانی عێراق دوپاتکردەوە.